# سەدر و بەدر کەرکووک دەشیعێنن

بەختیار شاخی

میرزا عەولا پیاوێکی دنیا دیدەی سەردەشتی بوو، لە کاتی شەڕی عێراق ئێراندا هەرجارەی عێراق مووشەکێکی لە شارێکی ئێران دەسرەواند، ئێرانیش خێرا بەیاننامەیەکی دەردەکرد و رایدەگەیاند کە ئەو کردەوە وەحشیانەیە مەحکوم دەکات، میرزا لەجێی خۆیەوە تۆڕەدەبوو و دەیگوت: دەیسان سەگبابە مەحکومی کردەوە، کوڕە دە ناقۆلا خۆ ئەتۆش مووشەکت هەیە بۆ یەکێکی رێناهاڵێنی؟

لەوەتەی عێراق کراوەتە دەوڵەت و بەزۆر و زۆرداریش کوردیان لەپاڵ هاویشتووە، عارەب هەر لەو مۆتەکەیە دەترسێن کە رۆژێک لە رۆژان کوردستان لە باوەشیان بێتە دەرێ و لەخێر و بێری شیمالی حەبیب بێبەش بن، بۆیە لەگەڵ گەشە کردنی بیری عروبەوی لە عێراقدا چاویان بڕیە کەرکووک و بە ستراتیژێکی تۆکمەوە کاریان بۆ گۆڕینی دیموگرافیای ئەو شارە و دەوروبەری کردووە و پرۆسەی عارەباندن بەر لە رووخانی رێژیمی گۆڕبەگۆڕی سەددام گەیشتە لوتکە، دوای رووخانی ئەو رێژیمەش کورد پڕ بەگەرووی هاواری کرد: تەعریب کۆتایی هات. بەلام ئەوەتا لەم یەک دوو رۆژەدا راگەیاندنەکان هاوار دەکەن کە شیعەی چەکداری سەدر و بەدر رووەو کەرکووک ملیان ناوە، ئەدی ئێمە خەریکی چین؟

با کەمێک بە راشکاوی قسە بکەین و لەوەش نەترسین کە لەگەڵ خۆماندا راستگۆ بین، ئێمە نەک هەر کارێکی بەجێمان بۆ وەدەرنانی عارەبی داگیرکەر نەکردووە بگرە لە ئاست دەرکراوەکانی کەرکووکیشدا شەرمەندەین، ئێستا سەردەمی شۆڕشی نامیلکە و دەرکردنی بەیاننامە و مەحکوم کردن نییە، سەردەم سەردەمی کارە و چیدیکەش کۆبوونەوە کۆمان ناکاتەوە. باشە با لەخۆمان بپرسین ئەرێ بەڕاست ئێمە بۆچی لە هاتنی عارەب بۆ کەرکووک دەترسین؟ ئایا ئەوهاتنەی ئەوان هاتنی خەڵکی ئاساییە کە لەترسی تیرۆری ناوەڕاست و باشووری عێراق دێنە کەرکووک؟ یان ناردنێکی پلاندارە و حکومەتی ئێستای عێراق پشتگیرییان دەکات؟ من دڵنیام ئەوەی یەکەمیان نییە، بەلام نازانم بۆ بەرپرسانی ئێمە لەو باوەڕەدان کە عارەبی عێراقی نوێ گۆڕاون و بیر لە تەعریب ناکەنەوە و پابەندی دەستووری نوێی عێراق دەبن؟ ئێمە لەو خەیالانەداین و دوای عارەباندن وا هەڵمەتی شیعاندن دەستی پێکردووە، ئەویش شیعەی چەکدار. لێرەدا پرسیارئەوەیە کە بۆچی هەردوو رێکخراوی بەدر و سەدر هێندە بەتوانابن کە هەڵمەتێکی ئاوا پلاندار بۆ هێنانی شیعە بەرەو کەرکووک بەڕێوە ببەن کەچی کورد بەو هەموو ئیمکانیات و دەسەلاتەوە نەتوانێ سەرجەم دەرکراوەکانی کەرکووک بنێرێتەوە سەرماڵ و حاڵی خۆیان و نیشتەجێیان بکات؟ ئایا دەبێ بە کەرکووکییەکان بڵێین چوونەوەی ئێوە بۆ کەرکووک کاتییە بۆیە خانووتان بۆ

ناکەین؟ ئەی کە وانییە بۆ بۆیان ناکەن؟ بەپرسانی بەڕێزی کورد لە کەرکووک لێم زیز مەبن ئەگەر بڵێم، وێڕای هەموو کارەکانتان لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا، ئێوە بەرامبەر کەرکووک و کەرکووکییەکان کەمتەرخەم بوونە، ئێوە نەتانتوانی کەرکووکییەکان لە ئاوارەیی رزگار بکەن، ئەوان لە کەرکووکیشدا ئاوارەن و هێشتا لەژێر خێمە و لەناو کەلاوەکاندا ژیان بەسەر دەبەن، جا کەوابێت بۆ کەرکووکییەکی ئاوارە خێوەتگەی بنەسلاوە یان رانیە لەگەڵ کەرکووک جیاوازی چییە؟ ئەگەرچی رەنگە ترسی هاوەنی عارەبەکانی نەبێت.

یەک دوو رۆژ لەمەوبەر لە راگەیاندنەکاندا راپۆرتێک بلاّو کرایەوە و تیایدا هاتبوو کە بەغدا گەورەترین شاری کوردنشینی عێراقە، باشە بۆچی عارەب لەوە نەترسن کە ئێمە پایتەختەکەیان بکوردێنین؟ ئایا بەراستی کورد شتی وای لەدەست نایەت؟ بەرنامەی نییە یان کوردی ئەوێ وەک برادەرێکی ئەورووپا نشین دەڵێن: ئەمن کوردی لەبیرچوو؟ باشە بۆ لە هەڵبژاردنیشدا دەنگی کورد لە بەغدا کزبوو؟ ئەی کە ئێمە بەپێی ئەو راپۆرتە ئەو هەموو کوردەمان لەبەغدا هەبێت و ئاسایی بێت، بۆ ئاسایی نەبێت کە عارەب بێنە کەرکووک؟ ئایا لەوە ناترسین کەرکووک ببێتە گەورەترین شاری عارەب نشینی کوردستان؟ ئەو گەمەیەی ئێستا سەدر و بەدر دەستیان پێکردووە مەترسیدارتریشە و ئەوان دەیانەوێ کێشەکە لە ململانەیەکی نەتەوەییەوە ئاڵۆزتر بکەن و هەوێنی ململانەیەکی مەزهەبییش بچێنن، ئاخۆ ئێمە کەی بەیاننامە دەرکەین و مەحکومی بکەین؟